هونەرمەندی شێوەکار لالە عەبدە:

# وەک نیشتیمانێکی هونەر کە بەشێوەیەکی بڵند شکڵێکی وای لە خۆ گرتوە بۆتە نیشانەیەک پڕ لە کارامەیی‌و پڕ لە دەرفەت..

نوسینی : (Renzo Federici)-مامۆستای مێژووی هاوچەرخ
لەساڵانی هەفتاکاندا لە ئەکادێمیای هونەرەجوانەکانی فلۆرەنسا - ئیتاليا
ئامادەکردنی : میران ئابراهام



ئاسان نییە مرۆڤ پێش وەخت دەرک بەوە بکات چی روئەدات ، کە هەستو سۆزی هونەری ئەوەندە گەشبێت وەلەهەمانکاتدا ڕابردوویەکی هەبێت لە وولاتێکی وەکو کوردستاندا ، کە کوتوپڕ بکەوێتە جێگایەک وولاتێک یان شارێک وەکو فلۆرەنسا ،بڵێین کەسێک کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆحی خۆی بە فەرهەنگێکەوە گرێدابێ و لە پێناویدا چالاکانە هەوڵ بدات لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە وەلە بارودۆخێکدا بژی کە هیوای گەڕانەوە تەنانەت پەیوەندیش نەمابێت ،وەکو گەرۆکێک یان بابڵێین پەناهەندەیەک ، وەیا بە پێوانەیەکی تر بڵێین چی دەزانین کە لالە عەبدە چیشتێ دێنێتە بەرهەم ، لەگەڵ بگرەوە بەردەی ئەم کاتو ڕۆژگارەدا کە ئەم هونەرمەندە تیایدا دەژی ، ئایا چی بەخۆیەوە گرێ دەدات ؟ بابڵێین لە ئەوروپایەکی پڕ لە مێژودا کە سەرنجی ڕادەکێشێ وەیا ئەم ئەوروپایە نابێتە ماڵێک بۆیی‌و ڕۆژانە بە ڕۆح دەرواتەوە و ناخۆشی‌و ناسۆر دوور لە ماڵی خۆی وەیا هەرچ تاڵییەکی تر کە لالە عەبدە گیرۆدەی بووە پێشتر چاوەڕێی نەکردوە ، یان گێڕانەوەی ڕوداوەکان بەشێوەیەکی تەمو مژاوی کە غەریبێک دورە وولاتێک هەستی پێدەکات ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەرگیز توانای ئەوەی نابێت وەک هونەرمەندێک لێکدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەبێت بەتایبەت کاتێک ئەم لێرە ڕوبەڕوی سەختی ژیان دەبێتەوە.

هەرکەسێک کە مێژوویەکی پڕ ناسۆرو تاڵی هەبێت وەکو لالە عەبدە وەیا کورد بێت کە خۆی لە خۆیدا خەمێکی گەورەیە بۆ تاکی کورد ، وەیا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت کە سەردەمانێکی زۆرە کە ژیانی ئاسایی تێدا نییە ، هەر ئەمەشە کە ئاسەوارێکی لەسەر تاکەکان بەجێ هێشتووە و گومان لەوەدا نییە کە ناهەمواریيەکی دەرونی بە ڕۆحی خەڵکی کوردەوە دیارە ، یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یان ڕامیارییەوە یان ئابوورییەوە بێت .

لە ڕاستیدا ژیانی قوتابییەک کە دوور لە وولاتی خۆی ئاسان نییە ، کاتێک دەکەوێتە تۆڕی بیر کردنەوەوە ، وە هەڵبەتە بەرگە گرتن‌و هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ دەوروبەردا لە تاراوگە و هیوای نەگەڕانەوەو تەنیایی بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە ئازایە تییەکی بێوێنەیە بۆ مرۆڤی کورد بەتایبەتی لالە عەبدە وەکو هونەرمەندێک .


هەموو بابەتو دۆکۆمێنتێکی ماڵپەری چراکان مافی لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە chrakan.com © 1997-2007




ئەم تابلۆیەی لالە عەبدە کە ساڵی 1979 کێشراویەتی، لە ساڵی 1979 تاکو ئەم ڕۆ لە مۆزەخانەی کولتوری لە فلۆرانسا -ئیتالیا دانراوە.

**لە ڕاستیدا ژیانی قوتابییەک کە دوور لە وڵاتی خۆی ئاسان نییە ، کاتێک دەکەوێتە تۆڕی بیر کردنەوەوە ، وە هەڵبەتە بەرگە گرتنو هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ دەوروبەردا لە تاراوگە و هیوای نەگەڕانەوەو تەنییایی بەدڵنیياییەوە دەڵێم ئەمە ئازایە تییەکی بێوێنەیە بۆ مرۆڤی کورد بەتایبەتی لالە عەبدە وەکو هونەرمەندێک .**

**گومانی تێدانیە لە بنەڕەتدا تەنها پەیوەندی کە لالە عەبدە لە ئەوروپا هەیبێت ئەویش پەیوەندییەکی ئەبەدی و ڕۆحیە لەگەڵ هونەرەکەیدا ، بە شێوەیەک کە ئەم پەیوەندیە بزوتنەوەکی هۆشیاری تیا دروست کردوە ، وەک دروست کردنی نیشتیمانێکی هونەر کە بەشێوەیەکی بڵند شکڵێکی وای لە خۆ گرتوە بۆتە نیشانەیەک پڕ لە کارامەیی‌و پڕ لە دەرفەت ، بۆ نوونە هونەری ڕۆژئاوایی وە یان هەندێک لە هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکان هەست بەوەدەکەن کە لەگەڵ هونەرمەدانی تردا کە لە ڕێگای هونەرەوە نزیکیمان دروست کردوە ، بەتایبەت ئەو کارە هونەریانەی کە گوزارشت لە ڕوداوو کێشە مرۆڤایەکان دەکەن بە شێوەیەکی هەمەلایەن کە ڕوناکی دەدەن بە شێوە ساکارەکانیان وەبوونەتە تەقینەوەیەکی بابەتی..**
**ئەگەر پێوانەیەک و بەراوردێک بکەین لەگەڵ هونەرمەندان (ڤیڤالدی)و یا(هایدن)وەیا دەرخستنی ئارەزوەکانی(بتهۆڤن).لە شێوازێکی بڵندی داهێناندا یان بۆ کارێکی قاڵب وەرگرتو هەروەک لە سەدەکانی حەڤدەدا باو بوونو دەرکەوتوون ، جا دەڵێین ئەو چاوەڕوانی نەکردنە کە لە شێوازێکی پایە بەرزو داهێنانێکی نوێدا لە بواری هونەردا ئەمەش بیرێکی قوڵو لە هەمان کاتدا سەختو کراوەی مرۆڤە کە خۆی دۆزیوەتەوە لە شێوازی**


هەموو بابەتو دۆکۆمێنتێکی ماڵپەڕی چراکان مافی لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە chrakan.com © 1997-2007

(Icon)وه یان (لۆگۆیەک).

شێوەی بیرکردنەوەی بەتوانا مامەڵە کردن و یاری کردن لەگەڵ هونەردا ، کە بە ئائارامییەکەوە خۆی دەردەخاو گفتوگۆیەک لە ئەستۆی خۆی دەگرێت ، لەم ئاستەدا لالە عەبدە مێژویەکی تایبەتی خۆی هەیە کە لێرەدا زۆر بە زیندویی لە کارەکانیدا پڕۆژەکانی خۆی دەردەخات .

وەبە دیاردەیەکی (ڕۆمانتیکی)خۆشەویستی لالە بۆ هونەرمەند(Giricault)ی ئیسپانی،هونەرمەندانی سەدەمی ناپۆلۆن وەک(Delacroix)و تا(Michel Angelo).

بەڵام هەست دەربڕینەکەی لالە عەبدە پێشەنگی فەرهەنگێکی نوێی هونەری شێوەکاری بە خۆیەوە گرێداوە کە ئەویش بابەتی مرۆڤانەیەو لە پێناوی مرۆڤدا کارەکانی ئەم هونەرمەندە شایەتی دەدەن .

---------------------------------------

- ئەم بابەتە لەساڵی 1979لە گۆڤاری هونەری ئەکادێمیای هونەرەجوانەکانی فلۆرەنسا لە وولاتی ئیتاڵیا بڵاو کراوەتەوە کاتێک لالە عەبدە لە هەمان ئەکادێمیا قوتابی دەبێت و لەم ساڵەدا بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات.

ماڵپەڕی تایبەتی هونەرمەند لالە عەبدە : www.lala-art.org

Copyright © www.chrakan.com


هەموو بابەتو دۆکۆمێنتێکی ماڵپەڕی چراکان مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە chrakan.com © 1997-2007